www.kurdistannet.org
22/07/2003 23:34

# نۆکەری بەسە! کوردستان تەنیا هەولێر و سلێمانی نیە!

س. ماکوان

دەنگۆی ئەوە هەیە کە گۆیا ئامریکا و تورکیا لە سەر ئەوە ڕێککەوتوون کە دە هەزار سەربازی تورک ڕەوانەی عێراق بکرێ کە دیارە مەبەستی تورکیا باشوری کوردستانەو بە قەولی خۆیان لە نێو بردنی هێزەکانی (کادەک) . هەروەها "مام مەعسووم" ی ینک 21ی جولای بە تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرەی گوتووە کە ئێمە بۆ خۆمان بە هاوکاری ئامریکا هێزەکانی (کادەک) لە بەین دەبەین و پێویست بە هاتنی تورکیا ناکا. ئای لە خەیانەتێکی وا!!!!!.

ئەوەی یەکیەتی و پارتی لە ماوەی زیاتر لە دە ساڵدا بە سەر هێزەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان وەک باکوور و ڕۆژهەڵاتیان هێنا، ئێستاش قێزی هەر کوردێکی خاوەن ویژدان و نەتەوەیی هەڵدەستێنێ. نۆکەری بۆ تورکیا، ئێران و تەنانەت عێراقیش نەما کە نەکرێ بە نێو و بیانووی "پاراستنی ئەزموونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان"، حکوومەتێک کە هەر بۆ خۆیان کردیان بە دوو لەتی هەولێر و سلێمانی، ئەویش نە بە خاتری تەنانەت پاراستنی خەڵکی هەولێر و سلێمانی بەڵکوو پاراستنی قازانجی دوو حیزب واتە پارتی و یەکیەتی. چ ئەتک و بێ حورمەتی و تیرۆر و کوشتارێک کە لە کوردەکانی باکوور و ڕۆژهەڵات نەکرا هەر بە نێوی پاراستنی ئەزموونی کوردستان کە گەورەترین دوژمنی ئەزموونەکە هەر پارتی و یەکیەتی بۆ خۆیان بوون. کوشتن و تیرۆری زیاتر لە 300 کوردی سیاسی و سیڤیلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی یەکیەتی بێ گومان پەڵەیەکی ڕەشە بە نێوچاوانی سەرکردەکانی ینکەوە و بەم زووانە ناشۆردرێتەوە. قەرەقوڵی تورک و چاوساقەکانیان واتە پارتی لەوەیان کەمتر بە سەر کوردەکانی باکووردا نەهێنا. دواتر یەکیەتی تەنانەت بە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتەوە ڕانەوەستاو هێزەکانی تورکی کە لە دوای تێکچوونی ئیمپراتۆری عوسمانی ڕووی سلێمانیان نەدیبوو لەو شارە مۆڵ دا و چەند قات لە هاوکاریکردنی تورکدا وەپێش پارتی کەوت و لەوان زۆر خراپتری بە سەر باکووردا هێنا.

پاش ڕووخانی سەدام تەنیا گەشبینییەک ئەوە بوو کە ڕەنگە لە مە بەدوا یەکیەتی نەتوانێ درێژە بە نۆکەرایەتی ئێران، سوریا و تورکیا بدا بە تایبەت ئەوەی دوو دانەی یەکەمیان لە لیستی ڕەشی ئامریکادان. بەڵام بە داخەوە گەشبینییەکەمان کورت خایەن بوو، وادیارە نۆکەرایەتی هەر وەک جاری جاران بەردەوامە. ئەویش بە چ نرخێک بە نرخی دیسان کوشتن برا و خوشکە کوردەکانی خۆیان لە باکوور کە تەنانەت مافی پەنابەریشیان پێ ڕەوا نەبینراوە.

ئەمجارە ئیتر هەوای جاران نیە، ناتوانن بە بیانووی پاراستنی ئەزموونی بە ناوکوردستانی (هەولێر و سلێمانی) دیسان دەستتان بە خوێنی کوردەکانی پارچەکانی دیکە سوور ببێ. ئەگەر ئێوە تۆزقاڵێک ویژدان و هەستی کوردایەتیتان تێدا مابێ و کەم خۆ پەرەست بن، خۆ ئیمڕۆ لە ئامریکا بە دەر منەتتان نە بە تورکیەو باوکی تورکیەش نیە. ئامریکا پێویستی بە ئێوە هەیە و ئێوەش بە ئامریکا ئەدی نابێ بە خەڵکی کوردستانی بڵێن تورکیە کە بۆ خۆی نۆکەری ئامریکایە لەم نێوەدا چ نەخشێک دەبینێ. ئایا شەرم و شوورەیی نیە، نۆکەری نۆکەر بن؟ ئەگەر تۆزێک هەڵوێستان هەبێ و نۆکەری لە گەڵ خوێنتان تێکەڵ نەبووێ، لە هەلومەرجێکدا کە ئامریکا پێویستی پێتانە، نە تورکیا بەڵکوو هیچ دەوڵەتێکی دیکە ناتوانێ وەک ڕابردوو بە کارتان بێنێ. ئەمجارە ئەگەر بە نێوی پاراستنی ئەزموونی هەرێم کە بێ گومان پاراستنی دام و دەزگای قەڵاچوالان و سەری ڕەشە لە پشتەوە خەنجەر لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەمان بدەن، ئەوە ناچارین بڵێین کوردستانێک تەنیا هەولێر و سلێمانی بێ نامانهەوێ و چش!!!!!

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.